# لەباتی د.کەمال دادگایی شێخ زانا چاترە

**نوسینی: خەندە جەمال رەئووف**



سەیرە هەندێك شت سەیرە، لەئیدارەی هەولێر هەندێك لەشتەکان پێچەوانە بوونەتەوە، تائێستاش لەلای حزبی پارتی رەش دەبێتە سپیو سپی دەبێتە رەش، کەسانێك هەنە بێتاوانن، تاونبارن. کەسانێکیش تاوانیان گەورەو گرانەو تووشی واق وڕیت دەکەن، کەچی پەردەیان بەسەردا دەدرێتو مەسەلەکەیان بیر خەڵك دەبرێنەوە، گروپەکەی شێخ زانا کە لەساڵی 1996ەوە کاری تیرۆریستیو خراپەو سێکسی هاوڕەگەزو هەموو شتانەی لەراگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە دەکەن، کە مێشك تەقەبولی ئەو کارەساتانەی نەدەکرد، بەئارەزووی خۆیان لەناو هەولێردا دەهاتنو دەچوونو تاساڵی 2005 بەهەڵاتنی منداڵێك تەختو تاراجیان تیاچوو، هەموو تاوانەکانیان دەرکەوتن، بەڵام د. کەمال سەید قادر دکتۆرو مامۆستای بەرز لەئاستی خوێندن لەوڵاتانی ئەوروپا، لەسەر چەند وشەیەكو رەخنەی قەڵەمو رۆشنبیرئامێز، لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ زێدی خۆی خێرا دەستگیر کراو، هەر بەو خێرایيەشو لەنێو دادگایەکی داخراودا حوکمی 30ساڵ زیندانی درا بەتەنگەیدا، باشە ئیدارەی پارتی من دەپرسم: تۆ بڵێی تاوانی ئەو رۆشنبیرە گەورەتربێت لەو شێخ زانایەی کەچەندین لاوی نیشتمانەکەتی سەرنگومو خراپ کرد؟ دادگایی کردنی ئەو گرنگترە یاخود شێخ زانایەك کەهەموو خەڵکی داوایان کرد لەسێدارە بدرێتو بەبەرچاوی خەڵکەوە لەگۆڕەپانێکی گەورەی شاردا هەڵبواسرێن بۆ پەندی زەمانە؟!دادگایی ئەم مامۆستایە لە پێشترە لەو مامۆستایەی زانکۆی هەولێر کەبەدەستەکانی خۆی چەندین هەناسەی کۆتایی پێهێنابوو لەجەستە بێ تاوانەکانی وڵاتەکەت؟! ناکرێت تاوانبارێکی ئەو کەوەکو سەدامێکی بچکۆلە چەندین ساڵ لەنیشتمانەکەت ئەو هەموو تاوانەی ئەنجام دابێت بێدەنگی لێبکرێتو بەلایەکدا نەخرێت... وەك چۆن هەتا ئێستاش بەبەردەوام گۆڕە بەکۆمەڵەکانیو تاوانەکانی دیکەی سەدام ئاشکرا دەبن ئەوەتا لەم رۆژانەشدا لەناو تەنەکەیەکدا ئێسكو کەللەسەری گەنجێك دۆزراوەتەوەو بەچیمەنتۆ دا پۆشراوەو دەرکەوتووە قوربانییەکی دیکەی شێخ نەزانی جەلاد بووە، ئائەمەیە لوتکەی تاوانو وەحشیەتو دڕندایەتی کۆمەڵێك کەس کەهەتا ئێستاش روون نییە چۆنو بەچ شێوەك حوکم دەدرێن، ئەوەندە نەبێت تازە بەتازە بڕیاردراوە دادگایی کردنی ئەم گروپە بەڕێوەبچێت گەرچی دەکرا گەرماو گەرم بڕیار لەسەر ئەو وەحشیەتگەرییە بدرایە کەجەرگی چەندین دایکی سوتێنراو قرچەی دەهات کاتێك سەیری دۆکیۆمێنتی تۆمارکراوی ئەو گروپە دەکرا لەتەلەفزیۆنەکانەوە... باشترە لەباتی دادگایی د.کەمال دادگایی شێخ زاناو نمونەکانی شێخ زانا بکرایە، لەکۆتاییدا دەڵێم: "خویەك گیرا بەشیری تەرك ناکرێ بە پیری" بۆیە دکتۆر کەمال لەزینداننیشدا لەسەر رەوشی خوێندنو زانست بەردەوامەو خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ زیندانیانو پاسەوانەکان کردبووەوە لەبەرئەوە دەبێت ئاگاداری شێخ زاناش بن کە خولی تیرۆریستیو نائەخلاقی نەکاتەوە لەناو زینداندا.

بۆیە باشترە زوو بەحوکمو شوێنی شیاوی خۆی بگەیەنرێت، چونکە مانەوەی کەسانێکی ئاوەها مایەی شەرمە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری.